# عێراق دوای هاتنەکەی بایدن و نوێژەکەی سەدر!

17-07-2022

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە** : ڕوودانی گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی نێو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

## بەرایی

نوێژەکەی سەدر و سەردانەکەی بایدن بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دوو ڕوداوی گرنگی ڕۆژانی ڕابردوون کە دەشێ ئاراستە بە شێوازی پێکەوەنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بدەن. هەڵبەت گەلێك فاکتەری جیاجیای دیکەش هەن بەڵام ئەمانە هەنووکەیین. نوێژەکەی سەدر نەخشەڕێی هەنگاوەکانی داهاتووی ئەوی دەرخست، ئەوەش نەك تەنیا حکومەت، بەڵکوو کاریگەری لەسەر کۆی پرۆسە سیاسییەکە دادەنێت. سەردانەکەی بایدن و دەرەنجامەکانیشی کاریگەری لەسەر هەڵوێستی ئێران لە عێراق و ناوچەکە دادەنێت، وەك نزیکترین لایەنی دەرەکی لە چوارچێوەی هاوئاهەنگی کە ئێستا بە تەمایە حکومەت پێکەوە بنێت.

## سەردانەکەی بایدن و پێکهێنانی حکومەتی عێراق

لەسەردانەکەی بایدن بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە دەنگی وەرچەرخێك دێ. نزیکەی مانگێك بەرلە ئێستا هەوڵمدابوو تیشك بخەمە سەرکاریگەرییەکانی لەسەر عێراق و کوردستان.[1] پێدەچێ ئیدارەی بایدن بە تەمای دروستکردنی هاوسەنگییەکی هێزداری بێت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێرانیش چاوەڕێیە بزانێ ئەمە بە کردەنی چی لێ دەکەوێتەوە. ڕاستییەکەی، ئەوان هیوایەکی زۆریان بە بایدن هەبوو تا کاتێ هاتەسەرکار، بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی، بەڵام بایدن ئەوانی تووشی سەرسوورمان کرد. چوونکە نەك هەر تا ئێستا ئەوەی نەکردووە، بگرە خەریکە ترەمپ ئاسا دەجوڵێتەوە، هەرچەند هێشتا خواستی زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیشی لەسەردایە. سەردانەکەی بۆ ئەم ناوچەیە زیاتر بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەك لە نێوان هێزە ناوچەییەکان بوو کە بەهۆی توانای موشەکی، درۆن و هێزە پرۆکسییەکان و بەرنامەی ئەتۆمییەوە، زیاتر بەلای ئێران داشکا بوو. دەبێ چاوەڕێ بین بزانین کە جوڵەی داهاتووی ڕووسیا، چین و هەڵوێستەکانی داهاتووی ئێران وەك لایەنێکی دیکەی ئەم بابەتە چۆن دەبن تا بزانین ئەو هاوسەنگییە دروست دەبێت یان نا؟ بەڵام ڕەنگە ئەوە دیار بێت کە ئێران چی بە تەمای گرژکردنی بارودۆخە بێت لە ناوچەکە، یان دواجار مل بدات بۆ ڕاهاتن لەگەڵ ئەو هاوسەنگییە نوێیەی کە ئەمریکا بە تەمایە دروست بێت، سیاسەتەکەی لە عێراق پاراستنی ئەو دۆخەیە کە لە ئارادایە. واتا ڕەنگە نەیەوێ دۆخەکە لەوەی کە هەیە ئاڵۆزتر بێت. بەڵام بۆچی؟

هاوکات لەگەڵ ئەگەری زیادبوونی گرژییەکان لە سوریا و لوبنان، ڕەنگە ئەوە بژارەیەکی گونجاو نەبێت بۆ ئێرانییەکان کە دۆخی عێراق لەوەی کە هەیە ئاڵۆزتر بێت. لە سووریا ئیسرائیل هێرشی بەردەوامی هەیە و لەوانەیە تورکیاش بێ مەیل نەبێت ئۆپەراسیۆنێکی دیکە بکات، کە چەندەی دژی ئیدارەی ڕۆژئاوا بێت، ئەوەندەش لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئێرانیش دەبێت و، لەوانەیە ڕێ لەو هەلی فراوانبوونی نفوز و هەڵشکانەی ئێران لە سووریا بگرێت کە دوای کشانەوەی ڕووسیا لە هەندێك شوێن بۆی ڕەخساوە. هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گرژییەی کە ئێستا لە لوبنان هەیە، گرژکردنی زیاتری دۆخی عێراقیش شتیك نابێت کە لە قازانجی تاران بێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئاراستەیەکی بەهێز لە عێراق دروستبووە کە دژی هەژموونی ئێرانە و تارانیش ناتوانێ چاوی لێ بنوقێنێت. ئەو بەودواییانە باڵیۆزێکی تازەی لە عێراق دانا کە بە ئەسڵ عێراقی و خەڵکی نەجەفە[2] و ئەمەش چەندەی پرۆسەیەکی سیاسی و ئیداری پەیوەست بە ئێران خۆی بێت، ئەوەندەش بۆ هێورکردنەوەی ئەو ڕەوتەی شەقامی شیعەیە کە پێیوایە ئێران جیایە و دەستوەردان لە کاروباریان دەکات. ڕەوتی خۆپیشاندەرانی ناڕازی و سەدرییەکان خوازیاری هەژموونی ئێرانی نین لە عێراق و پێدەچێت مەرجەعییەتی باڵای شیعەش بە لەونێك بەو ئاراستەیەدا هەنگاوی نابێت. بۆیە ئەگەر ئێتار بە تەمابێت حکومەتێك بە دڵی خۆی و بێ گوێدانە ڕای سەدر و لایەنەکانی دیکە دروست بکات، ئەوسا ئەگەر هەیە دۆخەکە وەك 2018ی لێ بێتەوە، وەك چۆن دوای ماوەیەك لە پێکهێنانی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی خۆپیشاندان و ناڕەزایی سەریهەڵدا.

## نوێژەکەی سەدر و پێکەوەنانی حکومەت

لە ڕاستیدا هەر لە ڕۆژی پێش نوێژەکەوە، ئەو ساتەی کە تویتی ڕابەری ڕەوتی سەدر بڵاو کرایەوە، نیشانەکانی ئەوەی کە سەدر بە تەما نییە جارێ پەنا بۆ خۆپیشاندان بەریت دیار بوو.[3] ڕاستییەکەی دۆخی ئێستا بۆ سەدر وەك دوو شەشی یاری تاوڵە وایە. لە حکومەت نییە و حکومەتیش دەکات. لە ئۆپۆزیسیۆنە، جارێ تاکە سواری شەقامیشە بەڵام ئاراستە بە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتیش دەدات! ترسی سەرەکی ئیتارییەکان ئەوە بوو کە سەدر گەمەکەیان لێ تێکبدات، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی خاوەخاوەکردنی ئەوان بووبێت لە پێکەوەنانی حکومەتێکی بێ سەدر، ئەویش سەرەڕای ئەوەی کە پێشتر موقتەدا سەدر، دەرفەتێکی 40 ڕۆژەی پێدابوون تا حکومەت دروستبکەن و نەیانتوانی. لە نوێژەکەی هەینی ڕابردووشدا سەدر دووەمین دەرفەتی بە ئیتار دایەوە تا حکومەت دروستبکات. ئەو توانای خۆی بۆ ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر شەقام پیشاندا، بەڵام دووەمین دەرفەتیشی دایەوە بە ئیتارییەکان بۆ ئەوەی حکومەت دروستبکەن، هەرچەند هێلی سووری بەسەرناوی مالکی و هەندێك کاندیدی گریمانەیی دیکە بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران هێنا و هەندێك مەرجیشی

دانا.

## سەرۆکوەزیرانی داهاتوو کێ دەبێت؟

وەك ساڵی 2010، ئەمجارەش لە ماراسۆنە زیاتر لە نۆ مانگییەکەی پێکهێنانی حکومەت دا، نوری مالکی ئەکتەرێکی سەرەکییە و، وەك ساڵی 2018ش تۆپەکە لە مەیدانی گرووپەکانی نزیك لە ئێرانە. یەکێك لەو بەربەستانەی کە نەیهێشتوە لەدوای کشانەوەی سەدر لە پەرلەمان حکومەت پێك بێت، ناکۆکییە نێوخۆییەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگییە. ئەمەش لەوانەیە نیشانەیەك بێت بۆ ئەوەی کە ئەمجارە ئێران کەمتر دەیەوێ قسەی تێدا بکات. بۆیە ئەگەر هیچ نەگۆڕێت، رەنگە زیاتر هاوسەنگییە نێوخۆییەکانی عێراق و ئیتار ئەوە دیاری بکەن کە کێ دەبێتە سەرۆکوەزیری داهاتوو. لەوانەیە دانانی کەسێکی لە سەرکردە پلە یەکەمەکانی ئیتار ( وەك مالکی یان عامری) واتای تەحەداکردنی سەدر بێت، مالکی بێت ئەوە هەر تەحەداییکی راستەوخۆیە و عامریش بێت تەحەداییکی ناڕاستەوخۆ دەبێت، چونکە ئەمە واتای ئەوەیە کە حکومەتەکەی بەهێز دەبێت و بە هەبونی گرووپێکی بەهێزی وەك سەدریش لە دەرەوەی پەرلەمان، لەوانەیە واتای گرژی زیاتر بدات کە پێدەچێت ئیتار و ئێرانیش لانیکەم لە ماوەی کورتخایەندا خوازیاری نەبن. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەگەر مالکی ببێتە سەرۆکوەزیر یان هادی عامری، دەتوانێت لەسەر هاوسەنگییە نێوخۆییەکانی ئیتاریش کاریگەری دابنێت. بۆیە عامری کشایەوەو پێدەچێت ناوی مالکیش زیاتروەك تەکتیك لەناواندا بێ، ئەگینا بە هەبوونی ڤیتۆی ناڕاستەوخۆی مەرجەعییەت، هەبوونی سەدر و شەقامی ناڕازی شیعە و تۆمارە دەنگییەکانی ئەم دواییە، چانسی ئەو بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە کەمتر بووەتەوە. خۆ ئەگەر شتێکی وەهاش رووبدات، ئەوا وەك تەحەداییکی گەورە دەبێت و دەبێ عێراق خۆی بۆ قۆناخێکی نوێ ئامادە بکات.

بژارەیەکی دیکەش مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی ئێستایە کە دوای نوێژەکەی سەدر و هاتنی بایدن و تۆمارە دەنگییەکانی مالکی چانسەکەی زیاتر بووەتەوە. لەسەردەمی ئەودا گرفتی قەرزەکانی ئێران لای عێراق بە لەونێك چارەسەرکرا. ناوبژیوانی ئێران وسعودیەی کراد کە کارنامەیەکی جێی پەسندی لایەنە دەرەکییەکانە. ئەو مانۆڕیکی زیرەکانەیشی کرد کاتێك کە ماوەیێك بەرلە ئێستا سەردانی تارانی کرد. بەرلەوەی بچێتە جەددەش چووە لای ئیتاری تەنیسیقی لەکاتێکدا کە ئەمەی لەگەل لایەنەکانی دیکەی عێراق نەکرد و دەیەوێت پێیان بڵێ من دەتوانم هاوسەنگی رابگرم. کۆبوونەوەکەیشی لەگەڵ بایدن و محەمەد بن سەلمان وەك سەرۆکوەزیرێکی کاربەرێکەر، دەتوانێ وەك پاڵپشتییەکی ئەمریکا و سعودی بۆ مانەوەی ئەو تەرجەمە بکرێتەوە. پێدەچێ مانەوەی مستەفا کازمی هەتا هەڵبژاردنێکی دیکە بژارەیەکی سەدریش بێت. کازمی لە دەرەوەی عێراق و لە دەرەوەی ئیتار بەدوای پاڵپشتیی بۆ مانەوەی خۆی دەگەڕێت بەڵام گرفتەکەی ئەوەیە کە جارێ ئیتار پێی رازی نین . بەئەگەری زۆر دواجار بە لەبەرچاوگرتنی هەموو فاکتەرانە، دواجار ئەگەری رێککەوتنی لایەنەکان لەسەر ناوی سیاسییەکی پلە دووی چوارچێوەی هاوئاهەنگی کارێکی دوور لە چاوەڕوانی نییە، هەرچەند کازمیش هێشتا هەر چانسێکی ماوە.

## کورد و سەرۆکایەتی کۆمار

دوو روانگە لە نێو ئیتارەوە سەبارەت بە پرسی سەرۆکایەتی کۆمار دەردەکەون، یەکیان داوا لە کورد دەکات کە رێککەون و یەکی دیکەش جاربەجار باس لەوە دەکات کە ئەوان دەنگ بە کاندیدی یەکێتی دەدەن. راستییەکەی ئەوەیە کە کشانەوەی سەدر دۆخەکەی بۆ ئیتار گۆڕیوە. وادیارە ئەوان ئەمجارە کەمتر دەیانەوێ دەست لە پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار وەربدەن چونکە چەندەی پێویستیان بە یەکێتی هەیە، ئەوەندەش پێویستیان بە پارتی هەیە لە قۆناخی داهاتوودا. ئا لێرەوەیە کە بژارەی هەرە گونجاو بۆ ئەوان رێککەوتنی پارتی و یەکێتییە. دیارە چانسی د. بەرهەم ساڵح بۆ بوونەوە بە سەرۆککۆمار زیاترە ئەگەر یەکیتی و پارتی لەسەر کەسێکی دیکە رێکنەکەون. چونکە گەڕانەوەی ئەو لە بەغداوە بۆ سلێمانی، دەتوانێت کاریگەری لەسەر هاوسەنگییە نێوخۆییەکانی حیزبەکەی دابنێت و، رەنگە هەندێك لایەنی ناوخۆیی و دەرەکیش نەیەوێت کارێك بکرێت کە سەرکردەکانی ئێستای یەکیتی تووشی گرفتی زیاتر بن. بە ئەگەری زۆر، تا خولەکی کۆتایی هەوڵی سازانی هەردوولا دەدرێت بەڵام ئەگەر نەکرا، رەنگە دواجار دەنگ بە کاندیدەکەی یەکێتی بدرێت، بەڵام لە بەرامبەردا ئیمیتیازێکی واش بە پارتی بدرێت کە پێی رازی بێت. بەوجۆرەش دەرچەیەك بۆ یارییەکی براوە ـ براوە بۆ هەردوو لایەنی کوردی بڕەخسێت.

## کۆتایی

گوتارەکەی سەدر لە نوێژی هەینی دووەمین دەرفەتی ئەو بوو بۆ ئیتار بۆ ئەوەی حکومەت پێکەوە بنێ. دوای هاتنی بایدن بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دۆخی عێراق بۆ ئێران زیاتر لە جاران گرنگ دەبێت، بۆیە بەئەگەری زۆر، تاران وەك لایەنی دەرەکیی نزیك لەو گرووپەی کە ئێستا

جڵەوێ پێکهێنانی حکومەتی بە دەستەوەیە، لە عیراق بە دوای هاوسەنگییەکدا دەگەڕێت. ئەمەش دەتوانێت بە دۆخێك تەرجەمە بێتە کە حکومەت ئیتاری بێت بەڵام بە شەراکەتێکی ناڕاستەوخۆی سەدر( وەك هێشتنەوەی پۆستەکانی لە نێو حکومەت) یان لانیکەم بە رەزامەندییەکی رێژەیی سەدر و پارتی و سوننەکانیش بێت. هاوشێوەی ئەو باڵانسەی هێزدارییەی کە بایدن دەیەوێ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروست بێت، رەنگە دۆخێکی عێراقیش تەنانەت ئەگەر بەشێوەی کاتیش بێ بەرەو راگرتنی هاوسەنگییەك بڕوات ئەگەر دۆخەکە وەك ئێستا بمێنێتەوە.

[1] ـ http://rudawrc.net/?p=2161

[2] ـ
https://www.irna.ir/news/84748271/%D8%B3%D9%81%DB%8C%D8%B1-%D9%85%D8%B9%D8%B1%D9%81%DB%8C-%D8%B4%D8%AF%D9%87-%D8%AC%D8%AF%DB%8C%D8%AF-%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D9%88%D8%A7%D8%B1%D8%AF-%D8%A8%D8%BA%D8%AF%D8%A7%D8%AF-%D8%B4%D8%AF

[3] ـ https://fb.watch/ejBaLsvq_/